


# لەبەردەم وێرانەیەکی مرۆییدا

## پڕۆژەی هەڵوەرینی هونەرمەند (سوفیان جەلال)

هاوڕێ عەبدوڵا

شێوەکاری

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

سەرەتاکانی دەستپێکی هونەری شێوەکاری لە باشووری کوردستاندا وەک کایەیەکی هونەری بۆ ساڵانی حەفتاکان دەگەڕێتەوە. قوتابییە کوردەکان لە پەیمانگا و ئەکادیمیای هونەریی بەغدا سەرەتای خوێندنی هونەری شێوەکارییان دەستپێکرد. سەرەتاکانی خوێندنی ئەکادیمیا و پەیمانگا زیاتر فێرکاری و ئەکادیمی بووە و گواستنەوە و کۆپیکردنەوەی کارە شێوەکارییە کلاسیکییەکانی ڕۆژئاوا بووە. دوای ئەم قۆناغە، قۆناغی ئیشکردنی ڕیاڵیتی و واقیعی دێت، واتا لە گواستنەوە و کۆپیکردنەوەی هونەری شێوەکاریی کلاسیکەوە بۆ گواستنەوە و کۆپیکردنەوەی واقیع. ئەم قۆناغە پتر ڕەهەندێکی ئێستاتیکی بەسەردا زاڵ بوو، لەلایەکی تریشەوە ڕەنگدانەوەی دۆخی کوردستان بووە. دوای ئەم قۆناغەش بە نزیکەیی لەنیوەی دووەمی هەشتاکان بەدواوە، تەکنیک و قوتابخانەی هونەری تر دێنە ناو هونەری شێوەکاریی باشووری کوردستانەوە، لەوانەش: ئەبستراکت، ئێکسپرێشینیزم، کوبیزم، سوریالیزم... کاریگەریی ئەم قوتابخانانە بەسەر شێوەکاریی باشوورەوە زیاتر دەرەنجامی کۆچی هونەرمەندانی کورد بوو بۆ ئەوروپا. لە ئەورووپادا هەریەک لەو قوتابخانە هونەرییانە دەرهاویشتەی کۆنتێکستێکی دیاریکراو بوونە و هەوڵی ڕەخنەکردن و دابڕانیان داوە لەگەڵ قوتابخانەکانی پێش خۆیاندا. لای هەریەک لەو قوتابخانانە بینینێکی جیاواز هەبووە بۆ واقیع، سەرهەڵدانی هەریەکێکیان ئاماژەیەک بووە بۆ جۆرە بینینێکی تر بۆ واقیع. ئەو قوتابخانە هونەرییانەی ئاماژەمان بۆیان کرد کەم تا زۆر هونەرمەندانی کورد وەک تەکنیکێکی نوێی بەرهەمهێنانی ئیشی تابلۆیی کاریان پێ کردووە. دەکرێت بپرسین تا چەند ئەو کارپێکردنانە دەرەنجامی گۆڕانێکی ڕاستەقینە بوونە و دەلالەت بوونە لە جۆرە بینینێکی تر بۆ واقیع؟ ئایە ئەو کارپێکردنانە نیشانەی ئەو دابڕانەیە کە چیتر ئۆبێکتی تابلۆ تەنیا بە شێوەیەکی ئێستاتیکی و واقیعی و ڕوون نیشان نادرێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەدەرەوەی باسی ئەم وتارەوەیە، بەڵام بە گشتی دەکرێت بڵێین بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت لە فۆرمەوە دەست پێبکەین. ئایە ئەو قوتابخانانە تەنیا وەک تەکنیکێکی ڕووت هاتوونە یان فۆرمیان پێ بەرهەمهێنراوە؟ تەکنیکی ڕووت مەبەستمان ئەوەیە کارپێکردن بەو قوتابخانانە تەنیا لاسایی و هەوڵی نزیکایەتی بوونە لە هونەری ئەورووپی، فۆرمیش مەبەستمان ئەوەیە تا چەند ئەو

تابلۆیانەی بەرهەمهاتوون ڕەنگدانەوەی خودێتیی هونەرمەندان و سیاق و سەردەمەکەی خۆیانی پێوە دیاربووە.



سوفیان جەلال، کەرەستەی تێکەڵ لەسەر قوماش، ٣٨٠X٢٠٠سم، ٢٠١٨. فۆتۆ: هێمن کاکەیی

پڕۆژەی هونەریی «هەڵوەرین»ی سوفیان جەلال، ساڵی ٢٠١٩ لە «گەلەری ئێستا-کارگەی کۆنی جگەرەی سلێمانی» نمایشکرا. پڕۆژەی هەڵوەرینی سوفیان جەلال یەکێک بوو لە کارە جدییەکان و دەکرێت وەک دابڕانێ سەیری بکەین لە هونەری شێوەکاریی باشووردا، دابڕانێک چ وەک تەکنیک و چ وەک فۆرمیش. تێزەیەک کە زیاتر لەگەڵ دەروونشیکاریدا سەرهەڵدەدات و لەژێر کاریگەریی ئەودا برەوی پێدەدرێت ئەوەیە: هونەر سەر بە ناخودئاگایی هونەرمەندە و سەرچاوەی کاری هونەری لەوێوە سەرهەڵدەدات. لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە کاتێک چەپاندن و سەرکوت لە ژیانماندا ڕوودەدەن یان لە ڕێگەی خەونەوە دێنەوە یانیش لە ڕێگەی هونەر و ئەدەبەوە بەرجەستە دەبن هتد، هەڵبەت بەرجەستەبوونێک کە بە دروستی خودی هونەرمەندیش نازانێت سەرچاوەکەی کامە غەریزەی چەپێنراو بووە. ئەم تێزەیە سەرەڕای ئاڵۆزی و ناڕوونییەکەی، تێزەیەکە تا ئێستاش برەوی هەیە و ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت. «مەسعود فەراسەتی» کە یەکێکە لە ڕەخنەگرە دیارەکانی ئەمڕۆی ئێران، بە درێژایی ماوەی کارکردنی ڕەخنەیی خۆی لە بواری هونەردا ئیشی بەم تێزەیە کردووە. بەلای فەراسەتییەوە «تەکنیک ڕەبتی بە خودئاگاییەوە هەیە و فۆرمیش سەر بە ناخودئاگاییە». فۆرم لە ناخودئاگایی هونەرمەندەوە دێت و لە ڕێگەی تەکنیکەوە بەرجەستە دەبێت.

تەکنیک ئامرازی فۆرمە، تەکنیک ماتریاڵ نییە، بەڵکو شـــێوازی بەکارهێنانی ماتریاڵە. تەکنیک ســـەر بە پانتایی فێربوونە، بەڵام فۆرم نا. دەکرێت کەســـێک فێری تەکنیک و شـــێوازی بەکارهێنانی ماتریاڵ بێت و کاری تەکنیکی دروســـت بـکات، بەڵام فۆرم فێربوون نییە، فۆرم خوڵقـانـدنە و دەبێـت هونەرمەنـد بیخوڵقێنێـت. هەڵبەت بۆ ئەو خوڵقاندنە هونەرمەند پێویســـتی بە تەکنیک و فێربوونی تەکنیکی هەیە. گەر لەڕووی چێژەوە جیـاوازیی لەنێوان کـارێـک کە تەکنیکی ڕووتە لەگەڵ کـارێـکـدا کە فۆرمی هونەرییە بکەین، دەکرێت بڵێین لە کاتی دروستکردنی کارێکی تەکنیکیدا هونەرمەند لە پرۆســـەی دروســـتکردنەکەدا چێژ لە کارەکە نابینێت، تەنیا دوای تەواوبوونی کارەکە و بینینی کـارەکە، هونەرمەند چێژ لە کـارەکە دەبینێت. بەڵام کـاتێـک هونەرمەند فۆرمی هونەری دەخوڵقێنێت لە خودی پرۆسەی خوڵقاندنەکەشدا چێژ دەبینێت. وەک بڵێی لەگەڵ بەکـارهێنـانی ڕەنـگ و فڵچەدا هونەرمەنـد نـاخودئـاگـای دەردەبڕێـت و چێژ لە بەرجەســـتەبوونی ئەو فۆرمە دەبینێت کە لە ناخودئاگاییەوە دێت. هونەرمەند دەبێت لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ بێت، ڕاستگۆبوون لێرەدا پرسێکی ئەخلاقی نییە بەڵکو پرسێکی بە تەواوی هونەرییە. ڕاســـتگۆیی واتـا هونەرمەنـد لە ڕێگەی تەکنیکەوە ئەو فۆرمە بەرجەسـتە بکات کە لە ناخودئاگاییەوە دێت. لە کارەکەی هونەرمەند ***سـوفیان جەلال***دا بینەری کارێکین کە فۆرمی هونەری خوڵقاندووە و تایبەتمەندێتیی خودیی هونەرمەندی پێوە دیارە. لە کارەکەیدا جگە لە ڕەنگ، کەرەستە و ماتریاڵی جۆربەجۆری بەکارهێناوە: پوش‌وپەڵاش، توێکڵەپرتەقاڵ، گەنمەشـامی، خۆڵ و تەنانەت قرژاڵی سرووشـتیشی تێدا بەکارهێناوە... لە کارەکانی ***سـوفیان***دا بە گشـتی بەر بە ڕەنگی زبر و چڕ، داڕشـتنی جوڵەئامێز و بەســـەریەکدا دراو، کەرەســـتە و ماتریاڵی جیاواز، دەکەوین. کەرەســـتە و ماتریاڵەکان، ڕەنگەکان ڕژاونەتە سەریان و تێکەڵ بە ڕەنگەکان بوونە و کەشێکی زبر و چڕیان پێ کێشراوە. شێوازی مامەڵەکردنی سوفیان لەگەڵ تابلۆدا لە ئێکسپرێشینیستە نوێیەکانەوە نزیکە، بە تایبەتیش ئەنسلم کیفەر. ***ئەنسلم کیفە***ر وێنەکێش و پەیکەرسازی نـاســـراوی جیهـان، کەڵکەڵەی کـارەکـانی بە دەوری هەنـدێ پرســـی ئۆنتۆلۆژییەوە دەخولێنەوە: ئێمە کێین و لەکوێوە هاتووین و بەرەو کوێ دەڕۆین و ئامانج و غایەت لە بوونی ئێمە لەم جیهانەدا چییە؟ کیفەر کەرەســـتە و ماتریاڵی جۆراوجۆر لە تابلۆکانیدا بەکاردێنێت، هەریەکێک لەو کەرەســـتە و ماتریاڵانە مانایەکی قووڵی بۆ کیفەر هەیە و پەیوەنـدیی بە یـادەوەریی دوور و قووڵی کیفەرەوە هەیە. بەشـــێـک لەو کەرەســـتە و ماتریاڵانەی کیفەر بەکاری دێنێت پاشماوەکانی جەنگە، بەشێکیشی هی ژیانی ڕۆژانەیە.

جگە لە بەکارهێنانی کەرەستە و ماتریاڵی جیاواز، تایبەتمەندییەکی تری تابلۆکانی کیفەر گەورەیی ئەندازەی تابلۆکانێتی. سـوفیان جەلالیش وەک ئەنسـلم کیفەر کەرەسـتە و ماتریاڵی جیاواز لە تابلۆکانیدا بەکاردێنێت و ئەندازەی تابلۆکانیشـی گەورەن کە بەنزیکەیی لە دەوروبەری "٢٠٠×٣٨٠" سـانتیمەتردان. سـەرەڕای ئەم نزیکایەتییەی سوفیان جەلال لە ئەنسلم کیفەرەوە، بەڵام کارەکانی چ وەک ماتریاڵ و تەکنیک چ وەک فۆرمیش تایبەتمەندیی خودی پێوە دیارە و توانیوێتی فۆرم بخوڵقێنێت.



سوفیان جەلال، کەرەستەی تێکەڵ لەسەر قوماش، ٣٨٠X٢٠٠سم، ٢٠١٨. فۆتۆ: هێمن کاکەیی

هونەرمەندی ئێکسـپرێشـینیسـت بەو جۆرە لە واقیع ناڕوانێت دۆخێکی ئۆبێکتیڤی و ئێسـتاتیکیی دیاریکراو بێت و بیگوازێتەوە بۆ ناو تابلۆ، بەڵکو بەو جۆرە لە واقیع دەڕوانێت کە لە دەروونی ئەودا ڕەنگدەداتەوە. ئێکسپرێشینیستەکان زۆر گرنگی بە بارە دەروونییە خودییەکان دەدەن، ئازار و ناڕەحەتی و پشـێوییە دەروونییەکانیان- کە بەرهەمی دۆخێکی واقیعییە یان وجودییە- دەگوازنەوە ناو تابلۆکانیان. بۆیە بە گشـتی لە کارەکانیاندا تاریکی، ناڕێکی، تێکدان، ماتی... ڕەنگدەدەنەوە. سـوفیان جەلالیش بۆ ئەوەی ئازار، نائارامی، پشـێوی و قەلەقییە دەروونییەکانی دەربڕێت، پەنادەباتە بەر دەربڕینی ئێکسـپرێشـینیسـتییانە. ئازار، نائارامی و پشـێوییە دەروونییەکانی هونەرمەند هەم بەرهەمی هەلومەرجێکی دیاریکراوی واقیعییە هەمیش دەرەنجامی ئەو دۆخە وجودییەیە کە هونەرمەند تێیدا ژیاوە. لە هەڵوەریندا بەگشـتی بینەری کەشـێکی کارەساتاوین، وێرانبوونی سـروشـت و شـار، داڕمان و تێکچوون و سـووتان. لە دوو

تابلۆدا بینەری زبڵســتانێکین فیگەری کوڕ و کچێکی تێدایە نغرۆبوونە و لەناو ئەو فەزا زبڵســـتانییەدا وەک تـارمـایی دەردەکەون. لە ڕووی ئەنـدازەییەوە گەورەیی قەبـارەی تـابلۆکـان موبـالەغەی تەکنیکی نییە، بەڵکو ئەو فۆرمەی ***ســـوفیان جەلال*** هەیەتی وا دەخوازێت بەو ئەندازەیە بەرجەســـتەی بکات، چونکە کارەســـاتەکان لای هونەرمەند گەورەن و دەبێت بەو جۆرە گوزارشـتی لێبکات. لە کاری تابلۆدا بە گشـتی ئەوە فۆرمە قەبارە و گەورە و بچوکی دەسـتنیشـان دەکات. گەورەیی ئەندازەی تابلۆکان کاریگەریی زۆری بەســر هەسـتی بینەرەوە دەبێت، بینەر زیاتر تێکەڵ بە کەشــەکە دەبێت و زیاتر هەست بە گەورەیی کارەسات و ڕووداوەکان دەکات. تابلۆکان هەستی بینەر داگیردەکەن و بینەر دەخەنە ناو دڵی ڕووداوەکانەوە. تابلۆکان پرسـیارێک دەوروژێنن، پرسـیارێک جەوهەر و کەڵکەڵەی سـەرەکی کارەکەیە، پرسـیارەکە ئەوەیە کێ بکەری ئەم وێرانە و ڕووداوانەیە؟ یان چی ئەم کارەســـاتانە بەرهەم دەهێنێت؟ ئایە هێزێکی میتافیزیکی و موتەعالی لەپشتەوەی ئەم ڕووداو و کارەساتانەوەیە یان بکەرێکی واقیعی وەک مرۆڤی لەپشتەوەیە؟ لە تابلۆکاندا بەر بە فەزای سرووشتی و فەزای شار دەکەوین، بەشێک لە تابلۆکان نیشاندەری فەزای سرووشتین و دەلالەتن لە تێکچوون و وێرانبوون و سووتانی سرووشت: سووتانی پەرێز و کێڵگەی گەنمەشامی، تێکچوونی هێلانەی پەرەسێلکەکان و وشـــکبوونەوەی گۆماو، لێرەدا دەکرێت بڵێین کێ یـان چی هۆکـاری ڕوودانی ئەم ڕووداوانەیە و ئەم وێرانەیەی خسـتووەتەوە؟ عادەتەن لە زەینی ئەوانەدا کە ئیماندارن و باوەڕیان بە بوونی هێزێکی میتافیزیکی هەیە، هەمیشـــە ڕووداوە ســـرووشـــتییەکانیان داوەتە پـاڵ هێزێکی میتـافیزیکی و بەوەش قەنـاعەتیـان بە خۆیـان هێنـاوە حیکمەتێکی ئیلاهی تێدایە. لەم بەشـــەی تابلۆکاندا و لەو ڕووداوانەی کە لە ســرووشــتدا ڕوویانداوە ئەو هێزە میتافیزیکییە غاییە و وەک بکەری پشـــتەوەی ئەم ڕووداوانە دەرناکەوێت. بۆ ســـەلماندنی ئەم دەربڕینەمان دەکرێت بڵێین لە کۆی ئەم تابلۆیانەدا زۆربەیان ڕەهەندی ئاســـمان تێیاندا غیابێکی تەواوەتی هەیە، تەنیا لە چەند تابلۆیەکدا نەبێت ئاســـمان ڕووبەرێـکـی کـەمـی داگـیـرکـردووە. گەر هـونەرمەنـد هـۆکـاری ئەم ڕووداوانەی بگەڕاندایەتەوە بۆ ســـەرچاوەیەکی میتافیزیکی دەبوو ڕووبەرێکی زۆری بۆ ئاســـمان تەرخان بکردایە بۆ ئەوەی ئەو هەستەی لەلای بینەر دروستبکردایە کە لەپشتەوەی ئەم ڕووداوانەوە هێزێکی میتـافیزیکی ئـامـادەیی هەیە. بەڵام ئەم تـابلۆیـانە بەهۆی غیـابی ئاسـمانەوە نایەڵن بینەر ئەو هەسـتەی لەلا دروسـت بێت. ئاسـمان بۆ زۆرینە ئاماژەیەکە بۆ بوونی هێزێکی میتافیزیکی و موتەعالی، هەرکات بینەر ڕووبەری ئاســمان دەبینێت

ئەو هەستەی لەلا دروست دەبێت. بەڵام هونەرمەند بۆ ئەوەی لەبەرامبەر بەم ڕووداوانە ئەو هەستەمان لەلا دروست نەبێت و سەرچاوەی ئەم ڕووداوانە نەگەڕێنینەوە بۆ هێزیکی موتەعالی، ڕووبەری ئاسمانی تاڕادەیەکی زۆر فەرامۆشکردووە. کەواتە گەر هێزێکی میتافیزیکی لەپشتەوەی ئەم ڕووداوانەوە نەبێت، ئەوە مرۆڤ بکەری پشتەوەی ئەم ڕووداو و کارەساتانەیە و خۆی هۆکاری تێکدانی سرووشتە.



سوفیان جەلال، کەرەستەی تێکەڵ لەسەر قوماش، ٣٨٠X٢٠٠سم، ٢٠١٨. فۆتۆ: هێمن کاکەیی

فەزای دووەم کە ڕووداوەکان تێیاندا ڕوویداوە، فەزای شارە. لە دوو تابلۆدا چرکەساتی وێرانبوون و داڕمانی شار وێنەکێشراوە، بینەر لەبەردەم ئەم دوو تابلۆیەدا هەستێکی نەهیلیستیی قووڵ دایدەگرێت و جگە لە ڕووبەری وێرانە هیچ ئاسۆیەکی تر نابینێت. لە تابلۆیەکی تردا بینەری ئەو چرکەساتەین کە خەریکە ڕۆژەکە دەکەوێتە خوارەوە بەسەر شارەکەدا. لێرەدا کەوتنە خوارەوەی ڕۆژ سەمبولێکی دینی نییە و دەلالەت نییە لە ئەپۆکالیپییەکی میتافیزیکی، بەڵکو پتر دەلالەتە لە کەوتنی ئاسمان وەک شوێنگەیەکی میتافیزیکی بۆ پاراستنی جۆری مرۆڤ. ئاسمان چی تر ئەو شوێنە نییە مرۆڤ سەیری بکات و بۆ ئاسوودەییەکی دەروونی بگەڕێت، بەڵکو ئەمڕۆ ئاسمان سەرچاوەی وێرانە و دروستکردنی کارەساتە. بەڵام ئەوەی لەمڕۆدا لە ئاسمانەوە ڕوودەدات، ڕووداوێکی سرووشتی نییە، بەڵکو مرۆییە و دەستی مرۆڤی لەپشتەوەیە. ئەوەی ئەمڕۆ لە ئاسمانەوە زەوی وێران دەکات گەشەی تەکنەلۆجیا و زانستە، بە جۆرێک دەتوانرێت شارێک یان وڵاتێک یانیش گۆی زەوی لە ڕێگەی تەکنەلۆجیا و ئەو بۆمب و فرۆکانەوە لەناو ببرێت

که مرۆڤ له دەرەنجامی گەشـــەی زانســـتەوە بەرهەمیهێناوە. به گشـــتی پڕۆژەی هەڵوەرینی سوفیان جەلال نیشاندەری چرکەساتی جیاواز جیاوازی وێرانبوون و داڕمان

و ســـووتان و تێکدانە، بینەر دەخاتە ناو کەشـــێکی ئەپۆکالیپییەوە و ئەو هەســـتەی لەلا دروستدەکات خەریکە مرۆڤ، سرووشت و خودی خۆشی لەناو دەبات.



س سوفیان جەلال، کەرەستەی تێکەڵ لەسەر قوماش، ٣٨٠X٢٠٠سم، ٢٠١٨. فۆتۆ: هێمن کاکەیی



سوفیان جەلال، کەرەستەی تێکەڵ لەسەر قوماش، ٣٨٠X٢٠٠سم، ٢٠١٨. فۆتۆ: هێمن کاکەیی


س سوفیان جەلال، کەرەستەی تێکەڵ لەسەر قوماش، ٢٠٠X٣٨٠سم، ٢٠١٨. فۆتۆ: هێمن کاکەیی


سوفیان جەلال، کەرەستەی تێکەڵ لەسەر قوماش، ٢٠٠X٣٨٠سم، ٢٠١٨. فۆتۆ: هێمن کاکەیی


سوفیان جەلال، کەرەستەی تێکەڵ لەسەر قوماش، ٣٨٠X٢٠٠سم، ٢٠١٨. فۆتۆ: هێمن کاکەیی


سوفیان جەلال، کەرەستەی تێکەڵ لەسەر قوماش، ٣٨٠X٢٠٠سم، ٢٠١٨. فۆتۆ: هێمن کاکەیی



سوفیان جەلال، کەرەستەی تێکەڵ لەسەر قوماش، ٣٨٠X٢٠٠سم، ٢٠١٨. فۆتۆ: هێمن کاکەیی



سوفیان جەلال، کەرەستەی تێکەڵ لەسەر قوماش، ٣٨٠X٢٠٠سم، ٢٠١٨. فۆتۆ: هێمن کاکەیی



سوفیان جەلال، کەرەستەی تێکەڵ لەسەر قوماش، ٣٨٠X٢٠٠سم، ٢٠١٨. فۆتۆ: هێمن کاکەیی



سوفیان جەلال، کەرەستەی تێکەڵ لەسەر قوماش، ٣٨٠X٢٠٠سم، ٢٠١٨. فۆتۆ: هێمن کاکەیی